# تەنوورەی درێژ و تەنک لوتکەی مۆدی جلی هاوینەیە

لـە هاوینـدا، هەمـوو جلێـك بـاو نین و تەنیا ئەوانە نەبن کـە لەبەرکردیان خۆش و فێنك و تەنکە، چونکە گەرمـای هاوینـە ڕێگـە بـە هەموو جـۆرە جلێك نادات بە سـانایی لەبەریان بکـەی، ئەگەرچی مۆدی پانتۆڵی جینز و کاوبۆی زیاتر باوە لە نێو کچاندا، بەڵام ئافرەتان و خانمانی ماڵ زیاتر تەنوورەیان بەلاوە گرنگە، لە دواترین مۆدەکانی تەنوورە کە گۆڤاری جوانکاری فەڕەنسی (ئیللی- elle)، چەندین مۆدی تەنوورەی هاوینەی دەرخسـتووە و ئاماژەشـی بە شـێواز و ڕەنگەکانی داوە، لێرەوە ئاشنایان بە :

- تەنوورەی موسلین، کە جۆرە تەنوورەکە لە سەرەوە تەسکە و لە خوارەوەش فراوان دەبێتەوە، بۆ ئەوانە باشە کە کێشیان زۆرە و بە کەمی دەریان دەخات.
- تەنوورەی تەنك: مۆدێکی دیکەیە و زیاتر لە ڕەنگی سـەوزە و نەخشـدارە، لە بەشـی خوارەوە پێشەوە کورت دەبێتەوە و لە دواوەش درێژە، بۆ دەرچوون و ئاهەنگ دەپۆشرێت.
- تەنوورەی دووبەر: مۆدێکی دووبەرە، وەك ئەوەی بە دوو تەنوورە خۆی نیشان دەدات، بەڵام لە ڕاسـتیدا یەکێکە و پارچەیەکی دیکەی لەسـەر دانراوە، لە سـەرەوە تەسـکە و لە خوارەوەش کراوە.
- تەنووری نەخشـدار: مۆدێکی ناواز و جوانە لە هاویندا، کە سـەراپای بە نەخشـی جۆراوجـۆر و گوڵـدار ڕازاوەتـەوە، دیمەنێکـی سەرنجڕاکێشـی هەیـە، بـۆ دەرچوون و بازاڕکردن دەپۆشرێت.
- تەنـوورەی دەریایی: شـێوازی لەسـەر شـەپۆلی دەریادا وەرگیـراوە، کە بە پەڕ پەڕە و نەخشی جۆراوجۆرە، بۆ دەوام و شوێنی فەرمی و زانکۆ دەپۆشرێت.







# جوانی ددانەکانت روخسارت جوانتر دەکات

ددانەکانت، واتە جوانیی روخسارت، جوانیی زەردەخەنە و پێکەنینت، سپێتی و ناسکی دەم و دەوت، سەرنجڕاکێش بوونی لێوانت، هەموو ئەوانە وەسفی دکتۆری ددان و پسپۆڕی جوانکارین، ئەگەرچی ماکیاژێکی جوان و جلێکی جوانیشت لەبەر بێت، کاتێك ددانەکانت پێچەوانەی جوانیت بوون، ئەو کاتە ماندووبوونت لە جوانیدا بەفیڕۆ دەڕوات. بۆیە گرنگە ددانەکانت بە جوانترین شێواز دەربکەون، تا زەردەخەنە و جوانی روخسارت بگەشێتەوە، رەنگە تێبینی کچە هونەرمەند و ئەکتەرەکانی فیلمان کردبێ کە جوانییان سەرنجڕاکێشە، جوانیی ئەوان زیاتر لە ددان و ماکیاژەکانی روخساریانە، تۆی خانمیش دەتوانی بە سوودوەرگرتن لەم ئامۆژگارییانەی پسپۆڕانی جوانکاری و ددان، پارێزگاری لە جوانیی ددانەکانت بکەیت و زیاتر جوانتر و سەرنجڕاکێشتریان بکەیت:

سەرەتا ئەو مەعجوونە هەڵبژێرە کە ماددەی فلۆرایدی لە پێکهاتەکەیدا هەبێت و هەوڵبدە ماوە ماوە ددانەکانت لەلای پزیشك بشۆیت و پاکیان بکەیتەوە، هەردەم داوی پاککردنەوەی ددان بەکاربهێنە و شەوانە داو لە هەموو ددانەکانت بدە و پاشان بیشۆ، جار جارەش ئاوی و لیمۆ و خوێ وەك گیراوەیەکی سرووشتی لە ددانەکانت بدە و دەشتوانی پەلکی مۆز بە ددانت بخشێنیت و چارەسەرێکی سەیری دەبێت.



# کڵاوی هاوینە بۆ پارێزگاری لە جوانیی روخسار و پێست

گەرمی و بەتێنی تیشکی هەتاوی لە هاویندا، کاریگەری خراپی لەسەر پێستی روخسار و جوانیی خانمان دەبێ، ئەگەرچی زۆربەی ئافرەتان لە رۆژانی گەرمادا، پێویستە بچنە دەرەوە و یان بۆ کاری فەرمی و دەوام و دەرچوون، بەڵام بۆ ئەوەی پارێزگاری لە جوانیت لە بەرامبەر تیشکی خۆردا بکەیت، دەبێ کرێمی دژەهەتاو بەکاربهێنیت، بەڵام زۆر جار ئەو کرێمە کاریگەری دژایەتی گەرمای نابێت، یان دەتوێتەوە، بۆیە چارەسەرێکی دیکە هەیە، ئەویش بە لەسەرکردنی کڵاوی هاوینەیە، کە هەم مۆدێکی جوانە لەسەر سەر و دەتوانی وەك ئێکسسوارێك بەکاری بهێنیت، هەروەها بیکەیتە قەڵغانێکی جوانی بۆ پارێزگاری لە جوانیی روخسار و سەرت. کڵاو لەگەڵ هەموو جۆرە جلێك لەسەر دەکرێ، لەوانە: جینز و تەنوورە و پانتۆڵ، هەروەها لەگەڵ جلی سەرەوەش وەك قەمیس و بەدی و تیشێرت، ئەو مۆدە کڵاوانەی ئێستا لە هاوینەدا لەسەر دەکرێن بریتییە لە : کڵاوەکانی (بەیسبووڵ، نیوسبۆی، ڤیسۆر، دییرستاکلەر).







# وێنەکێشان و تابلۆ لەسەر باڵە ڕەنگینەکانی پەپوولە

وێنەکێشان و ئارەزوومەندانی وێنە، هەمیشە تابلۆ و وێنەکانیان لەسەر کاغەز و کەنەڤاس و تەختە و دیواردا دەکێشن، کە کەرەستەیەکی تەخت و ڕاستە شێوازی وێنەکێشانەکە خۆشتر و فراوان دەکات، بەڵام هونەرمەند و وێنەکێشێکی مەکسیکی بەناوی (کریستیان ڕامۆس)، زۆربەی بەرهەمەکانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان نمایش دەکرێت و داوای دەکرێت، ئەوجارەیان بیرۆکەیەکی تازەی داهێناوە بۆ وێنەکێشان، بیرۆکەکەش بریتییە لە وێنەکێشان لەسەر باڵی پەپوولە، ئەگەرچی باڵی پەپوولە ناسکە و بەڵام ئەو کارەی کردووە و سەرکەوتنیشی بە دەست هێناوە، دوای ئەوەی ئەو هونەرمەندە داوا لە باخچەوان و باغەوانان دەکات، کە پەپوولەی مردوو بدۆزنەوە و بۆی بهێنن، دوای ئەوەی پەپوولە مردووەکان دەهێنێت و بە لێدانی مۆمی تواوە و مەعجوونی ددان، وێنەکان لەسەر باڵی پەپوولەکان دەکێشێت، بەم چەشنە چەندین تابلۆی ناوازەی کەسایەتی و وێنەی سرووشتی و دیاردەکانی لەسەر باڵە ڕەنگینەکان پەپوولە کێشاوە.

# ساڵی (٢٠١٦)یە و لە ئەشکەوت دەژی




سەردەمی تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێتە، کە جیهان بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر دەچێ، کەچی ئەو پیاوە تەمەن (٩٩) ساڵە زۆربەی تەمەنی لەو ئەشکەوتەدا بەسەر بردووە، بەبێ ئاو و کارەبا و خواردنی خۆش، وەکو ئەوەی لە چاخی بەردینی بژی و باکی بە هیچ نەبێت، ئەو پیاوە ناوی (پێدرۆ لۆکا)یە، تەمەنی سەدەیەکە، لە ئەشکەوتێکی بەرزی ویلایەتی (تۆکۆمان) لە باکووری ئەرژەنتین دەژی، کە نزیکەی (٤٠) ساڵە بە یەکجاری لە تەنیاییدا دەژی، ئەگەرچی جاران جارجار سەردانی شاری کردووە، بەڵام ئێستا بە یەکجاری ژیانی ڕۆژانەی خۆی لەو ئەشکەوتەدا بەسەر دەبات، ئەو پیاوە ڕۆژانە خۆی و تفەنگەکەی (٣) کاتژمێر دەبڕێت و دەچێتە ڕاوکردن، دواتریش ئەوەی ڕاوی بکات دەیهێنێتەوە و نۆشی دەکات، خاوەنی (١١) کەڵەشێر و دوو مەڕ و بزنە، لە بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێکدا، ئاگرێکی گەورە دەکاتەوە و وەك هێمایەك بۆ کەسانی دیکەی هاوشێوەی خۆی تا بەشداری ئەو ژیانە تەنیاییەی بکەن.



# شاری (١٠٠٠) پەنجەرە


پسپۆڕانی زانست دەڵێن: واباشە بەیانیان پەنجەرەکانتان بە رووی تیشکی هەتاودا بکەنەوە، تا هەندێ لە تیشکی خۆر بێتە ناو ماڵەکان و ببێتە وزەیەکی دژە بەکتیریا و ڤایرۆس، ئەو بیرۆکەیە لە شارێکی وڵاتی ئەلبانیا سوودی لێ وەرگیراوە و کە شارێکی بچووکەو نزیکەی (١٠٠٠) پەنجەرە لە خانووە بچووکەکانیدا هەن، ئەو شارە ناوی (بیرات)ـە و دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵاتی ئەلبانیا، شێوە و رواڵەتی ئەندازەیی ئەو شارە پڕاوپڕە لە پەنجەرەی جۆراوجۆر، کە لە دواترین ئاماردا، زیاتر لە (١٠٠٠) پەنجەرەیان لەنێو ئەو شارەدێیە بچووکەدا ژماردووە، رووبەری ئەو شارە دەگاتە (٦) کیلۆمەتر دووجا، هەروەها نزیکەی (٧٠) ماڵی تێدایە، ئەوەی سەیرە هەر ژوورێك رەنگە (٤) تا (٥) پەنجەرەی تێدا بێت. مێژووی ئەو شارە بۆ سەدەی (١٣)هەم دەگەڕێتەوە، تا ئێستاش پارێزگاریان لە نەریتی هەبوونی ئەو هەموو پەنجەرەیە کردووە.




# بەلەم و کەشتی شووشەیی

زەمانێکە پسپۆڕان و زانایانی بواری وزە و هێز، بە دوای جێگرەوەی وزەکانی نەوتدا دەگەڕێن، تا بتوانن هاوتایەك، یان جێگرەوەیەکی بەهێز بدۆزنەوە و لە نێو ماشێنەکان بکرێت و لە سەرچاوەی وزەی نەوت بە دوور بن، تەنانەت چەندین بیرۆکەیان دۆزیوەتەوە، کەچی ئەنجامی زۆربەیان وەکو سەرچاوەی نەوت نییە، ئەوەتا لە دواترین بەرهەمی تازەدا، بیرۆکەی دانانی تابلی وزەی خۆر لەنێو بەلەم و کەشتییەکاندا دابنێن، کە راستەوخۆ وزە لە تیشکی خۆر وەربگرێت و دواتر بارهەڵگری بکەن، جگە لەوەش پەرەیان بە شێوە و ماددەی بەلەم داوە، کە لە دار و پلاستیك و ئاسنەوە بگۆڕدرێت بۆ شووشە، سەرەتاش دەریاوانێکی هۆڵەندی بە ناوی (ڤان دێر شێر)، بەلەمێکی لە شووشە دروست کرد کە بە تیشکی خۆریش کار دەکات، خێراییەکەی دەگاتە (١٥) کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، ئەو جۆرە بەلەمە لە شووشە و ماددەی پلاستیك دروست کراوە، هەروەها نزیکەی (١٦٥) هەزار دۆلاری تێچووە.






# کەوچک یان تابلۆی وێنەکێشان

لە سەدەکانی پێشوو زیاتر گرنگییان بە تابلۆکانی وێنەکێشان دەدا، کە زیاتر لە سەدەی (١٩ و ٢٠)دا زۆرترین تابلۆ لەلایەن وێنەکێشە بەناوبانگەکانی جیهان کێشران، بەڵام لە سەدەی تازەدا، زیاتر گرنگی بە وێنەکێشان درا، بەتایبەت ئەو وێنەکێشانەی کە بووە بەرهەمێکی سەیر و ناوازە، وەك وێنەکانی ئەو وێنەکێشە ڕۆمانییە کە کەرەستەکانی خواردن و ژووری چێشتی کردۆتە تەختەی وێنەکێشان، ئەو وێنەکێشە ناوی (ئیوانیا فانی)یە، وێنەی لەسەر زۆربەی کەرەستەکانی چێشت کێشاوە، دوا نمایشی بریتی بوو لە وێنەکێشان لەسەر کەوچکی خواردن، کە جۆرەها وێنەی سادە و سێ ڕەهەندی (3D) کێشاوە، دەتوانی بەر لەوەی کەوچکە خواردنێك نۆش بکەی، سەیرێکی وێنەکان بکەیت، چونکە کاتێك مرۆڤ خواردن بە کەوچك دەخوات، هەمیشە سەیری ناو کەوچکەکە دەکات.

## دار و بار
## لە جێگەی بەنزین و گاز


کاتێك نیشاندەری کەمیی بەنزین لە ئۆتۆمبێلەکانمان دەبینین، هەمیشە پێی دڵتەنگ دەبین و ئاواتمانە هەمیشە گێچەکە لەسەرەوە بێت، بەڵام وادیارە لە وڵاتی ئۆکرانیا، بیرۆکەیەکی دیکەیان داناوە تا لە کێشەی بەنزین بە دوور بن، ئەویش بە دانانی ئامێرێك کە دار دەسووتێنێت و وزەی ئاگرەکە و هەڵمەکەی لە شوێنی گاز و بەنزین بەکاردەهێنین، بەتایبەت ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە گاز کاردەکەن، یەکێك لەو ئەندازیارانەی ئەو بیرۆکەیەی داناوە ناوی (یۆجین چێرینگۆڤ)ی تەمەن (٣٦) ساڵە، چەندین ئۆتۆمبێلی لە گازەوە کردووە بە دار، کە لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکە، شوێنی ختسنەناوەوەی داری داناوە و هەر لەوێشەوە دارەکە دەسووتێت و هەڵم و وزەکەی بۆ ناو مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە دەچێت و دیکات بە جوولە بۆ بزوێنەرەکان، بەڵام خێراییەکەی ئەوەندە نابێت و تەنیا دەتوانێت (٨٠) کیلۆمەتر لە کاتژمێریکدا ببڕێت.



## پەند و وتە

- جۆرج برناردشۆ، دەربارەی تۆڵەسەندنەوە دەڵێ :
ئەگەر کەسێك دوای هەر کێشەیەك، یان گرفتێك تۆڵە بکاتەوە، بزانە ئەو کەسە خۆی لە ئاستی تۆڵا نابینێت و دەیەوێت ئازارت بدات، بەڵام لەو کەسە بترسە کە تۆڵە ناکاتەوە و لێت خۆش نابێت و ڕێگەشت نادات خۆت لە خۆت خۆش بیت.



## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا باس لە هەست و بڕیاری مرۆڤ دەکرێت، ئاخۆ لە نێوان دڵ و مێشکدا بە بڕیاری کامەیان بکات و کامەشیان ڕاست بڕیار دەدەن.

### کاوڕ

ماوەیەکە کۆمەڵێك کێشەی بچووك وازت لێ ناهێنن و بێزارت دەکەن، هەر بۆیە هەست بە بێزاری و بێ توانایی دەکەیت. بەهۆی نەگونجانت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرتدا تووشی کێشەیەکی قورس بوویت کە شێوازی ژیانی تۆی تێکداوە. خەم لە داهاتوو مەخۆ.

### گا

کەسایەتیت بەهێزە و هەمیشە لە کارەکەت سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت. لەگەڵ کەسانی نزیکت بە جوانی مامەڵە بکە و ئازاری خۆت مەدە، هەنگاوەکانت بە جوانی دەست پێبکە و لەسەریان بەردەوام بە. ئەو کارەی ئێستات بەرەو ئەنجامێکی باش دەڕوات.

### جمک

خەیاڵت لەلای خۆت بێت و کارەکانت فەرامۆش مەکە، ئەرکی خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرە، شێوازی بیرکردنەوەت جیاوازە لەگەڵ کەسانی دیکە، ئەوەش هەستێکی خراپی بۆت دروستکردووە کە لە داهاتوودا بێزار دەبیت لە ژیان، بەڵام ئەوە هەڵەیە و لەگەڵ شتی ڕاستەقینە و واقیعدا بڕۆ.

### قرژاڵ

هەوڵەکانت بێسوود بوون تا لەگەڵ ئەو کەسە بگەیتە چارەسەری کێشەکان، بەڵام پێویستە دووبارە هەوڵی بۆ بدەیتەوە و کاری بۆ بکەیت. ئاگاداری پێداویستییەکانی خۆت بە، ماندووبوونت زیاترن لەهەوڵی کەسانی دیکە کە لەگەڵت کاردەکەن، کەسانێك هەن دژایەتیت دەکەن.

### شێر

ماوەیەکە ئەوەی دیکەیت، ئەنجامی نابێت، بەڵام خەریکی کاروباری خۆت بە و گرنگی بە هەوڵەکانت بدە و ئەرکی خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرە. بڕوات بە خۆت بێت و متمانە لە دەست مەدە، بەشداریکردنت لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا سوودێکی زۆرت پێ دەگەیەنێت و دڵخۆشت دەکات.

### گوڵەگەنم

خەمەکانت هەڵگرتوون و نهێنییەکانیش باس دەکەی، ئەوەیە هەڵەی ژیانت، هەوڵبدە پێچەوانەی بکەیتەوە و نهێنییەکانت بپارێزیت. پێویستە لەسەرخۆ بیت و ددان بەخۆتدا بگریت، هەندێك گۆڕانکاری کە لە کارەکانتدا ئەنجامی دەدەیت، باشن و وادەکات سەرکەوتوو بیت.

## تابلۆ

**- جیهانی کریستینا**

به بەناوبانگترین و ناوازەترین تابلۆی ئەمریکی دادەنرێت، لەلایەن وێنەکێشی ئەمریکی (ئەندرۆ وایت) کێشراوە، کە لە ساڵی (١٩١٧) لە دایك بووە، ئەو وێنەیەی کچە دراوسێیەکی خۆیان کردووە، کە ناوی (کریستینا) بووە، وێنەکەی باس لە جیهانی کەسێك دەکات، کە بەهۆی شەلەلی قاچەکانیەوە ناتوانێت بڕوات و سەیری خانووەکەی خۆیان دەکات، لەوێشەوە دەیەوێت سەردانی گۆڕی دایك و باوکی بکات، ئێستا ئەو تابلۆیە لە موزەخانەی مۆدێرن هاپەر نمایش کراوە، بە درێژی (٥٥) سەنتیمەتر و پانی (٤٣) سەنتیمەتر. لە ساڵی (١٩٦٩) کۆچی دوایی کردووە.





## بۆ زانیاریت

**- دەوڵەمەندەکانی جیهان**

لە جیهاندا چەن ملیاردێر و دەوڵەمەندێك هەن، کە پارەی زۆربەی جیهانیان لەلای خۆیان قۆرخ کردووە، هەندێکیان لە بواری سەرمایەداری و هەندێکی دیکەش لە خەزێنەی خۆیان داناوە، ئەوانە (٦٧) کەسن، سامانەکانیان زیاتر لە (٣,٥)ملیار خەڵکی جیهانە، واتە ئەم (٦٧) دەوڵەمەندە بڕی پارە و سامانەکانیان پێکەوە زیاترە لە سامانی (٣,٥) ملیار کەسی ئاسایی و ناوەندە، هەر یەکێك لەم دەوڵەمەندانە خاوەنی سامانێکە کە ئەگەر (٥٢) ملیۆن کەس کۆ ببنەوە و پارەکانیان بکەن بە یەك ئەو کاتە لە ئاستی یەکێك لەم دەوڵەمەندانە دەوەستنەوە. (بیڵ گەیتس) خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بە تەنیا خاوەنی زیاتر لە (٨٠) ملیار دۆلارە، ساماناکەی بەرامبەر سامانی (١٥٦) ملیۆن کەسی ئاسایی دەبێت. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لەم (٦٧) خانەدان و دەوڵەمەندە، (٤٧) یان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، دووەم دەوڵەمەندەکان لە ئەڵمانیان و پاشان لە رووسیان، ماوەکەی تریش لە (١٣) وڵاتی تری جیهانن.

## شایان

ئەو کاتەی هەست بە دڵتەنگی دەکەی، ئازاری خۆت مەدە، بەڵکو دەرچوونێك بکە، ڕێگە بە کەسانی دیکەش مەدە کە لەسەر تۆ بڕیار بدەن. زۆر گرنگی مەدە بە هەندێك گرفت کە خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات، کەسێك پێشنیارێکت بۆ دەکات، پشتگوێی مەخە.

## دووپشک

ئەو ماوەیە ساتە وەختێکی ناخۆش و قورس بوو بۆت، لە مێشکی خۆتدا بیری زۆر دەکەیتەوە و ئەمەش بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت، کەسانی نزیکت فەرامۆش مەکە و کاریان بۆ بکە. کۆنترۆڵی ژیانی ڕۆژانەی خۆت بکە، لە بواری کارەکەتدا زیاتر خۆت ماندوو بکە و پێویستیت بە کورتە سەفەرێکیش هەیە.

## کەوان

هەوڵ مەدە کارەکانت پشتگوێ بخەی، ئەو ئەرکەی لەسەر شانتە پێویستە بە زووترین کات جێبەجێی بکەیت. هاوکاری کەسانی دیکە ڕەت مەکەوە. شایەنی ژیانێکی باشتری، باری دەروونیت لەجاران باشترە، بەڵام تا ئێستا دوودڵیت هەر ماوە، بێ گومان بە لەوەی ژیانت خۆشتر دەبێ وکێشەکانت چارەسەر دەکرێن.

## گیسک

یەك هەنگاوت ماوە تا بە ئەنجامی کار و چالاکییەکانت بگەیت. ئەو ماوەیە بە هۆی کێشەکانتەوە گۆشەگیر بووی، بەڵام ئەوە هەڵەیە، هێمن و لەسەرخۆ بە، تا چارەسەریان بۆ بدۆزیتەوە. وریای خۆت بە لە هاوڕێیەکی دووڕووت کە خەریکە کێشەت بۆت دروست بکات.

## گۆزە

ئێستا کاتی بڕیاردانە و لایەنێکی ژیانت هەڵبژێرە و کاریان لەسەر بکە. دوودڵی زیانت پێدەگەیەنێت و ئەوەندە خەم لە داهاتووت مەخۆ، لەخۆبایی مەبە و خەڵکانی دەوروبەرت مەڕەنجێنە، بیر لە رابردووی خۆیشت مەکەرەوە، چونکە تۆ کەسێکی چالاك و بەهێزی.

## نەهەنگ


هەوڵمەدە جارێکی دیکە هەمان هەڵە دووبارە بکەیتەوە، ئەوەی شایەنی تۆیە ڕێگەی بدە بمێنێتەوە و ئەوەی زانیت لەیەکتر دوورن، فەرامۆشی بکە و مەهێڵە لە ژیانت نزیك ببێتەوە. بەپەلە هەڵسوکەوت مەکە، چونکە زەرەرمەند دەبیت، بەهۆی خەون بینینی ترسناك هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ دەکەیت.

## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ریز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

ی ژ ژ ا

ئاسانکاری : خواردنێکی بەیانیانە!



## نوکـــــتە

- یەکێك هەبوو، تەداخولی هەموو بابەت و قسەیەکی دەکرد، جارێکیان ویستیان لەو عادەتە واز بهێنێت، بۆیە بەو کەسەیان وت: نیو ملیۆن دینارت پێدەدەین، تەنیا واز لەو شتەت بێنە، ئەویش وتی: باشە وازدەهێنم، بەڵام نیو ملیۆنەکەی دیکە بە کێ دەدەن؟